## به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**بە ناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان : ١٠**
**رۆژی دەرهێنان : ٢٠٠٠/٤/١٩**

## " بڕیار "

پشت بەو دەسەلاتەی کەبەپێی برگە (٣) ی مادده (٢) لەیاسای ژمارە (١٠) ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەوبنەمایەی کە ئەنجومەنی نیشتیمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی ٢٠٠٠/٤/١٩یدا یاساکاری کردوە ، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا

**یاسای ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ( ٢٠٠٠ )**
**هەموارکردنی یاسای ژمارە ( ٩ ) ساڵی ( ١٩٩٩ ) ی سەندیکای**
**خاوەن پیشە تەندروستیەکەن**

**مادە ی یەکەم :**

مادەی هەشتەمی یاساکە هەمواربکرێ ، بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە

١) دەستەی گشتی لەهەموو ئەندامانی سەندیکا ، یابریکارەکان،کەبەپێی ئەم یاسایە ئیلتیزاماتی خۆیان بەجێ هێناوە پێکدێت ، ئەم دەستە گشتیەش بەبالاَ ترین دەسەلآتی سەندیکاکە دادەنرێ و ، هەر ٣ (سێ) ساڵیش جارێ ، لەمانگی کانوونیدووەمدا ، کۆبوونەوەی گشتی ئاسایی خۆیلە بارەگای سەندیکاکە ، بەبریارێکیئەنجوومەن و لەسەر داواکردنی سەرۆکی سەندیکا (نەقیب) دەگێرێ و ، لەو کۆبونەوەیەدا سەرۆکی سەندیکاو هەشت ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگیش بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەن ئەندامی لێژنەی (ئینزیبات)هەڵدەبژێرێ،(نصاب)یش بەئامادەبوونی دوو لە سێی ئەندامانی دەستەی گشتی دێتە جێ و ئەگەر نەشهاتباجێ ئەوا لەوبارەدا دوای تێپەربوونی پازدەرۆژ بەسەر کۆبوونەوەی یەکەمدا هەلبژاردن لەهەمان کات و جێگەدا ئەنجام دەدریٚ و (نصاب )یش بەئامادەبونی سێیەکی ئەنجامدانی دەستەی گشتیو ئەگەر نەشهاتباجێ ئەوا ئەنجوومەنی پێشتر بۆ خولێکی دیکەش بەردەوام دەبێت

٢) ئەگەر هات و ژمارەی ئەندامانی سەندیکا لە (٥٠٠) ئەندام زیاتر بوو ، ئەوا هەڵبژاردنەکە لەرێگەی بریکارەکانەوە ئەنجام دەدریٚو ، رێژەی نواندنیش لەلایان ئەنجوومەن یائەوەی کەفرمانی هەڵدەسورێنێ ، بەئەندامی ئەنجومەنی یائەوەی کەفرمانی هەڵدەسورێنێ بەئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکاکەشەوە دیاری دەکرێ .

**مادەی دووەم :**

وەزارەتە پەیوەندارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنەگەر .

**مادەی سێیەم :**

ئەم یاسایە لەرۆژی بریار لەسەردانیەوە دەخرێتەکارو لەرۆژنامەی رەسمیدا بلاّودەکەینەوە.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**